# هەواڵەکانی بزووتنەوەی کرێکاری ,سۆسیالستی , جەماوەری جیهان

**2005-3-29**

عەلی مەحمود

نیپاڵ -

خۆپیشاندان بۆ گەڕانەوەی دیموکراسی درێژەی هەیە , هەزاران کەس داوای ئاشتی و گەڕانەوەی دیموکراتیيان کرد , تا ئێستا هەزاران خۆپیشاندەر گیراون , لەخۆپیشاندانی **21-3** لیدەری پارتی کۆمۆنیستی نیپاڵی- م ل گیرا لە تەمەنی **75** ساڵییدا , لە کاتێکدا نەخۆشی شەکەرەی هەبوو . خۆپیشاندانی **21-3** هەموو نیپاڵی گرتەوە و **5** پارتی سیاسی ڕێکیيان خست .



سەرۆکی گەورەترین پارتی نیپاڵیۆ (کۆمۆنیستی نیپاڵی) بەدەست پۆلیسەوە

-ڕۆژی جیهانی ئاو

ڕۆژی **23-3** ڕۆژی جیهانی ئاو بوو , ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی ڕۆژی ئاو دەکرێتەوە **26**٪ منداڵی جیهانی ئاوی تەواویان نییە بۆ خواردنەوە , لە نیپاڵ ڕۆژانە **40** منداڵ بەهۆی کەم ئاوییەوە گیان لە دەستە دەن .

میسر

پارێزەری چەپ ,دامەزرێنەری بزووتنەوەی کیفایەی میسری ڕای گەیاند لە بەرواری **30-3** لەبەردەم پەرلەمانی میسری خۆپیشاندان سازدەن .

-نەوال سەعداوی و سەعدەدین ئیبراهیم و محەمەد فەرید حەسەن , وەك مارکسی و لیبراڵەکان خۆیان کاندید کردووە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار . بەڵام ئیسلامییەکان لەگەڵ مانەوەی دەستوری کۆندان تا ڕێگە بۆ مانەوەی موبارەك خۆش بکات , چونکە ئەوان باوەڕییان وایە یاسای ئێستا کە تیای نوسراوە شەریعەت سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی یاسایە باشترە لە یاسای نوێ , بەمەش برایانی موسڵمان پشتگیری لە پاوان کردنی دەسەڵاتە کەن .

ئەڵمانیا

دادگای ئەڵمانی لە بەرلین شهود یەهوای بە فەرمی ناسی , کە مەزهەبێکی کریستانییە و پەیرەو لە میتۆدی جولەکە دەکات . لە ئەڵمانییا **210000** ئەندامی هەیەو تشارلز ڕاسڵ دامەزرێنەرێتی , بارەگای سەرەکی لە نیورۆکە .




تەقینەوەکانی قەتەر

هەندێك لەو هێزانەی لە لیستی تیرۆردان بە ئاشکرا لە هەندێك بۆنەو کاتدا لایەنگری لە قاعیدە دەکەن, پێشتر ئیدانەی هیچ کردارێکی تیرۆرستییان نەکردووە بەڵام ئەم تەقینەوەیەی دۆحەیان لە قاو داو شەرمەزاریان کرد , کە کردارە تیرۆرستیەکە لە قوتابخانەی شانۆگەری بەریتانییا ئەنجام درا , ئینگلیزێکی کوشت و 12 ی بریندار کرد . یوسف قەرزاوی لە پێشەوەی خۆنیشاندەران و عەباس مەدەنی و حەماس و مامۆستایانی زانکۆی دۆحەو کۆمەڵەی چاکسازی یەمەنی لەناو ئیدانەکەران و بەشدارانی خۆپیشان دانەکەی دۆحەن دژ بە تەقاندنەوەکە .



کۆمەڵەی 20

کۆمەڵەی 20 داوای هەلگرتنی پشتگیری دەوڵەتن لەسەر بەروبومە کشتوکاڵییەکان بۆ ساڵی 2010 , بەرازیل و هیند سەرکردایەتی ئەو داوایە دەکەن . ئەوەی شایانی باسە وولاتانی رۆژئاوا پشتگیری بەرهەمی کشت و کاڵی دەکەن , بەمەش زیان بە بەروبوومی وولاتانی هەژار دەدەن , هەر مانگایەك لە ئەوروپا رۆژانە لە دەوڵەتەوە 3 دۆلار پشتگیری هەیە .

فەلەستین

حەماس ووتی ئەگەر بیبەینەوە شەریعەت بە زۆر جێبەجێ ناکەین بە سەر کۆمەڵدا .

یەمەن
پارتی یەکبونی چاکسازی ئیسلامی کچان بۆ پەرلەمانی گەنجان نا پاڵێوێت , کە بریار وایە ئەم پەرلەمانە لە 50 کوڕ و 50 کچ پێك بێت .

کوبا
گۆڤاری فۆبیس کاسترۆی لە ڕیزی دەوڵەمەندەکانی جیهان ناوزەد کرد , گوایە 550 ملیۆن دۆلاری هەیە, ئەمەش لە خوار سامانی مەلیکەی بەریتانییاوە . کاسترۆ لە ساڵی 2003 لە وەڵامی بۆشدا کە ووتبوی , بازرگانی لە گەڵ کوبا بۆ گیرفانی کاسترۆیە , لە وەڵامدا کاسترۆ ووتی من دۆلارم نییە , ئەوەی هەمە گیرفانەکانی بۆش هەمووی دەگرێت .

لوبنان



له خۆپیشاندانێکدا که دەیان هەزار بەشداربوون له بەیروت سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی لوبنان ووتی : به بیرمانا ناهات منافەسەی مەزهەب و سەرمایەداران بکەین , تەنها ویستمان بلێین دەنگێکی جیا له کۆمەڵدا هەیە ,ئەم خۆپیشاندانە گورو تینی بەخشییەوە بۆ کۆمۆنیستەکانی لوبنان .

یۆنان

له بەرواری **17–3** هاتوچۆو و قوتابخانە له کەرتی تایبەت و گشتی لەمانگرتنێکی سەرانسەرییدا لەکار ڕاوەستان بۆ ماوەی **24** کاتژمێر.

مانگرتن نەخۆشخانەو پۆست و بانك و کەرتە گشتییەکانی گرتەوە .ئەمەش بەهۆی بەرز بونەوەی نرخەوە بوو له کاتێکدا کرێ لەو ئاستە کەمتر بەرزە بێتەوە.

برۆکسل

دەیان هەزارکەس له سانديکانی کرێکاران و بازرگانی ڕژانە سەر شەقامەکانی برۆکسل دژ به ئازادکردنی کەرتی خزمەتگوزاری له یەکێتی ئەوروپا.




هیندستان

**1** ملیۆن کارمەندی کەرتی دەوڵەتی بانکەکان لەبەرواری **22–3** مانییان گرت له کارکردن , کەرتی بانکەکانی پانایی هیندستانییان شەلەل کرد .



ئەڵمانیا

له بەرواری **20–3** خۆپیشاندانی پڕ له زەبرو زەنگ له نێوان چەپ و ڕاستەکان له شاری درسدنی ئەڵمانیا بەرپا بوو له جەرگەیدا **10** پۆلیس بریندار بوو. له کاتێکدا سەدان خۆپیشاندەری ڕاستڕەوی نازی خۆپیشاندانییان دەکرد , چەپەکان دژییان وەستانەوە. بڕیار وایە **8–5** له شاری بەرلین نازییەکان له یادی ڕوخانی هیتلەر خۆپیشان دان ساز بکەن .

ئابوری جیهان

پێشبینی وایە ئابوری جیهانی ئەمساڵ **4**٪ گەشە بکات ,لە ئەیلولی ڕابردوو پێشبینی گەشەی **4,3**٪ دەکرا , ئەمە دابەزینەش به هۆی بەرزبونەوەی نرخی نەوت و ئەو سستییەوەیە کەوتۆتە ئابوری جیهانەوە .

پۆلیفییا

سەرۆکی پۆلیفییا داوای هەڵبژاردنی پێشوەختی کرد تا یەکێکی که شوێنی بگرێتەوە , هەروەها داوای کرد پەرلەمان دەنگ به هەڵوەشاندنەوەی یاسای سوتەمەنی نویێ بدات که ڕابونی جەماوەری لێکەوتەوە تا ئێستاش بەردەوامە .



لەندەن

پارێزگاری لەندەنی گەورە ناسراو بە کێن لیفینیتونی سور( مارکسی) بەشداری کوردەکانی کرد لە یادی نەورۆزی ئەمساڵ ,فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی کوردستانی باکور ڕێکییان خستوە و یەك هەفتە درێژە دەکێشێت .

شیلی

کلاویس مارین سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی شیلی لە تەمەنی **63** گیانی لەدەست , ماوەیەکی زۆر بوو بە دەست نەخۆشی شێر پەنجەوە دەتلایەوە. حکومەت **2** ڕۆژ ئازییەتباری گشتی ڕاگەیاند لەسەرجەم وولات . هاوسەرەکەی یەکێك بوو لە قوربانییان ڕژێمی پینۆتشە , لە ساڵی **1987** گەڕایەوە شیلی , بەدوای بڵاو بونەوەی هەواڵەکە هەزاران کەس چوونە بارەگای پارت و بەشداری مەراسیمی تەرم ناشتنەکەیان کرد .



ئەندەنوسیا

دەیان ئەندام پەرلەمانی ئەندەنوسی بووە شەڕە مشت لە نێوانییان لەسەر بڕیاری سوتەمەنی لەناو هۆڵی پەرلەمان بە بەرچاوی کامیراکانەوە , کە بە گوێرەی ئەو بڕیارە نرخی سوتەمەنی بەرزەبێتەوە بە ڕێژەی **22**٪ بۆ **47,5**٪ . هەروەها خۆپیشاندان دژ بەم بڕیارە درێژەی هەیە.



کۆلۆمبیا

ئەندامێکی کۆنگرێسی کۆلۆمبی سەر بەپارتی لیبراڵی ڕاستڕەو بە دەستی گەریلاکانی فارك کوژرا , هەمان کەس پێشتر**2** برای کەی لەیەن گەریلاکانەوە شوێن بزر کراوە .



مەنغۆلیا



زیاتر لە 1000 مەنغۆلی داوای سزادانی پەرلەمانتارە دزەکانییان کرد , دروشمییان بەسەر ڕاپەڕینی خەڵکی قیرغیزستانا دەدا.

فەلەستین

هەردوو بەرەی گەل و دیموکراتی فەلەستینی بڕیاریياندا بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو بکەن کەلە بەرواری 17–7 ئەنجامەدرێت, لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن بە شێوەی ڕێژەیی ئەنجامەدرێت ,هەروەهاداوای ڕێژەی 20٪ بیان بۆ ژنانکرد لە پەرلەمانی ئاینده و تەمەنی خۆپاڵاوتن بکرێتە25 ساڵ .

ئەڵمانیا

بەگوێرەی ڕاپرسییەك کە دەزگای فۆرس ئەنجامی داوە 25٪ ئەڵمانییەکان لەگەڵ گەڕانەوەی دیواری بەرلیندان . 12٪ ئەڵمانییە ڕۆژهەڵاتییەکان لەگەڵ دیواری بەرلینن . لە شاری بەرلینیش 11٪ ڕۆژئاواییەکان و 8٪ خۆرهەڵاتییەکان لەگەڵ هەمان دیوارن.

جەزائیر

یاسای نوێی کاروباری کەسایەتی کە سەرۆك پێشنیاری کردبوو بە گوێرەی ئەو یاسایە سنورێك بۆ چەند ژنەو ئامادە نەبونی وەلی ئەمر بۆ ئامادەبونی شوکردنی کچ لە بەرامبەری نارەزایەتی ئیسلامییەکان تێك شکا ,ئەمەش لە بەرامبەر پشتگیری ئیسلامییەکان بۆ بڕیاری بەرز کردنەوەی نرخی سوتەمەنی هات کە سەرۆك بڕیاری لەسەرداوە لە پەرلەمان دەخرێتە دەنگدانەوە , تا ئێستا دژی خۆپیشاندان سازکراوە . بەم شێوەیە ئیسلامییەکان لەگەڵ بەرزبونەوەی نرخدان لەبەرامبەر سەپاندنی کۆت و بەند بەسەر ژنانەوە .

ئەفغانستان



2,8 ملیار دۆلار داهاتی مادە بێهۆشکەرەکانە لە ساڵی 2004 لە ئەفغانستان , بڕی 206000 هکتار زەوی بە چاندنی مادە بێهۆشکەرەکان تەرخانکراوە , 3 جار زیاتر لە ساڵی 2002 . 60٪ ئابوری ئەفغانستان پێك دەهێنێت . 4 ملیۆن پاکستانی مودمینن و مادەبێهۆشکەرەکان بەکار دەهێنن زۆربەی لە ئەفغانستانەوە بۆیان دەچێت .

یەمەن

دەوڵەتی یەمەنی بڕیاری دا **50000** قوتابخانەی ئاینی دژ بە توندڕەوی ئاینی بکاتەوەلەنێوان ساڵەکانی **2006–2010** , کە ئێستا **4000** قوتابخانەی ئاینی لە یەمەن هەیە ئیسلامییەکان کەڵکی لێوەر دەگرن .

بی بی سی

**2000** کارمەندی کەرتی بەرهەم هێنانی بەرنامە لەسەر کارەکانییان دەرکران , بەمەش ژمارەی دەرکراوان لەم دەزگایە دەگاتە **3780** کارمەند , **19**٪ هێزی کار .

ڕوسیا

پارێزگاری مۆسکۆ ویری لۆچکۆف ڕەخنەی توندی ئاراستەی پەرلەمانتارانی لیستی یەکگرتووی پارتی دەسەڵاتدار کرد و ووتی ڕوسیا لە قۆناغی شۆڕشدایە , ئەوەی پەرتوکەکەی لینین کە لە ساڵی **1899** نوسیوییەتی بە ناوی گەشەی سەرمایەداری لە ڕوسیا بخوێنێتەوە دەزانێت هەمان بارودۆخە , ئەم وەزعەش بە دوای بڕیاری **122**هات ,کە پشتگیرییەکانی دەوڵەت بۆ خانەنشینان و کەم دەرامەتانی بڕی , ئەم قسانەی بۆ قوتابیانی زانکۆی مۆسکۆ کرد , بۆچونەکانی سەدایەکی گەورەی سیاسی دایەوەو حکومەتی ڕاچەڵکاند .